Kurd Sat Stopp

## تيرۆري دژ بة منداڵ .... نةوزاد عةزيز

منداڵانی کورد لـه هـه ر پارچـه یـه ك بن قوربانـی جـه ور و ستـه مێکی فره ره هـه ندنن. هـه ر لـه ده سه ڵاتـه وه (بـه داگیرگـه ر و خۆماڵـی یـه وه) تاوه کو نۆرم و بـاری کۆمـه ڵـه یـه تـی ئـابووری و دواکـه وتووی و هتد. . . منداڵـی کورد تـه نها
 شتێك هـه یانبێت خۆشـه ویستیـه کی کۆیرانـه یـه و هیچی تر. ئـه مانیش بـه بێ هیچ پێودانگـه و پلان وسیستـه مێك هاتوونـه تـه دنیاوه. . . لـه بـه ر نـه بوونـی هیچ ئاسۆیـه کی پێشوه خت بۆ ئـه م بوونـه وه ره هـه ر لـه سـه ره تاوه بـه بێ هیچ پاشـه رۆژێك هاتۆتـه ژیانـه وه. ئیدی ئـه م خولقێنراوه ؟ ره وتـی رووداوه کان و ژیان گـه وره ی کردووه و بـه رێ ی کردووه، ده نا هیچ کات پێداویستـی و ژیانـی مرۆیانـه یـه و دابینکردنـی مان و پێداویستیـه کانـی منداڵ جێ ی خـه می کۆمـه ڵگا نـه بوو، بـه پیچـه وانـه وه هێنده ی وه زیفـه ی ژیان و نۆرمی کۆمـه ڵایـه تـی و کـه لتووری دین خولقێنـه ری منداڵ بوون لـه لای ئێمـه ئـه وه نده کۆمـه ڵ، بـه دامـه زراوه ی خێزان خۆێندن، خزمـه ت گوزاری، تـه ندرووستـی، پـه وه ر ده کردن، دادوه ری مافـه کانـی، و هتد لـه خـه می منداڵدا نـه بووه. بۆیـه وه ك هـه موو وولاتـه دواکـه ووتووکان لـه لای ئێمـه ش منداڵ یـه کـه م و لـه ڕیزی پێشـه وه ی قوربانـی یـه کانـی شـه ڕ، ده ست درێژکاری سێکسی، کاری سوخره، کـه م ئـه ندام بوون و نـه خۆشی، هـه موو پێشلکاریـه کانن، بـه جۆرێ مافی هیچ ده روازه یـه کی ده ربرین و خۆ خستنـه رووی نـی یـه جگـه لـه گریان، هـه نسك، قاقای ژیربوونـه وه نـه بێت. ئـه مـه ش بۆ گۆ مـه ڵگایـه کی وه ك کوردستان لـه ریزی هـه ره دواوه ی هـه ست بیبراو و بیستراو ه کانـه.
بـه درێژای 12 سالـه ی حوکمی کوردان. . لا لـه منداڵ نـه کراوه تـه وه. پێشێلکاریـه کانـی مافی منداڵان هـه ر بـه رده وام بوو، دام وده زگا کانـی منداڵ نـه لای لـه منداڵ کردۆتـه وه و نـه گۆمـه ڵگاش پـه ره ی بـه هۆشمـه ندی مافـه کانـی منداڵ داوه.
بۆ ئـه م باسـه من دوور لـه هـه موو ئاستـه جیاوازه کانـی منداڵ و بـه دوور لـه باسێکی ئـه کادیمی تـه نها بابـه تێك هـه ڵده بژێرم تاوه کو ده روازه یـه ك بێت بۆ گفتوگۆ وروژاندن. ئـه ویش کورد سات و فلیمی کارتۆنـه.
وێنـه ی جوڵاو. . ره گـه زی سـه ره کی بـه رنامـه ی تـه لـه فزیۆنـی و سینـه مای منداڵـه، لـه بـه رئـه وه ی هیچ کـه ره سـه یـه کی دیکـه نیـه هێنده ی وێنـه ی جوڵاو کاریگـه ر و سـه رنج بزۆێن بێت بۆ منداڵ، بۆیـه زۆرینـه ی هـه لسوراوانـی ئـه م بواره جـه خت لـه سـه ر ئـه م کایـه یـه ده کـه ن، چونکـه زۆر بـه سانایی منداڵ کێش ده کات و بـه سـه رنجـه وه سـه یر ی ده کات. مـه رجـه ناوه رۆکی ئـه م مادە یـه بۆ هـه ر کـه ناڵێکی منداڵان جاچی نووسراو بێت بینراو بێت لـه گـه ڵ ویست و خواستـی منداڵ دا گونجاو بێت، زیاد لـه وه ش لـه گـه ڵ پرێنسی بـه کانـی مافی منداڵدا کۆك بێت.
کوردسات لـه ڕێ ی کۆمـه ڵێ فلیمی کارتۆنـه وه لـه هـه وڵـی پرکردنـه وه ی ئـه م کـه لێنـه دایـه لـه شاشـه حیزبیـه کـه ی خۆیدا، بـه ڵام چلۆن و چۆن ؟
بـه ڕێوبـه ری ئـه م کاره بـه ڕێز د. شێرکۆیـه کـه ئامادە کـه ری بـه رنامـه ی بـه رنامـه

و گۆڤاری سیخورمه. ئه وه ی ئه م سێ کاره یان پرۆدۆکتۆیه ببینییت ته نها یه ك جیاوازی ده بینیت ئه ویش ئه وه یه که هه ردوو به رنامه ی کارتۆنی منداڵان و به رنامه ی به رنامه ماده ی ته له فزیۆنینین و گۆڤاره که ش بابه تی رۆژنامه وانی یه، . . ده نا له ناوه رۆکدا هه ر یه ك شته. . . مه ترسی ئه م کاره ش له وه دایه، له لایه ن هه لگری بڕوانامه ی دکتۆرایه وه ئه نجام ده در ێ، که ئامانجی هه ره سه ره کی ئه م دکتۆره (هێنانه پێکه نینی خه لکه) . هه ر له منداله وه تاوه کو مێرد منداڵ هه تا خه لکی به ته مه ن و به ساڵاداچوو. ئه م دیارده یه ئاکامی به رنامه ی که شکۆلّه که هه موو که نالّه کان دیکه بووه خه می سه ره کی یان، له م بواردا ڕاگه یاندنی (ی. ن ك) بۆری هه موانی دایه وه. به لام ئاخۆ به چی دیدو ته رازوو ئایدۆلۆژیایه ك ره وای حه قه پێکه نین مێتۆدی په روه رده بێت، ئه م میتۆده به و په ڕی نامه سولیته وه دابه زینیته جیهانی منداله وه. و د شێرکۆ به م دیده وه مامه لّه لّه گه ڵ منداڵانی کورد بکات

کوردسات بابزانین به کام عه قلّێته وه ده یه وێت نه وه یه ك په روه رده بکات به کام فه نتازیاو و میتۆدی فه لسه فی و په روه رده و ئه خلاقی یه وه له منداڵانی کورد ده روانێ، نه وه یه کی وشیار یاخود جنێوفرۆش، نه وه یه ك به به هاکانی منداڵان و مرۆڤایه تی گه وره بێت یان به عه قلّیه تی د، شێرکۆ. جێ ی داخه کورد سات به هه موو پێودانگه یه کی کۆمه لایه تی. په روه رده ی و زانستی له مه ش ترسناکترین له رووی ڕاگه یاندنه وه دژ به منداڵ و مافه کانی و ته نانه ت خوسیه ت و ئارزووه کانی منداڵ، کورد سات پێ ی وایه گه ر گا به راز مشك که ر به ده نگێکی نامه عقوول قسه بکه ن منداڵ ده خه نێ. شاگه شکه ده بێت له وه ش زیاتر ده توانی وه ك حه یوان قسه بکات. ئه وانه ی له پشت ئه م بیرۆکه وه یه ن منداڵ گه وره ده که ن نه وه کو گه مژه ی ده که ن. کورسات منداڵ ده کات به کۆپی حه یوان نه وه کو ئاژه ڵ به دۆستی منداڵ ئه و ماوه ی کاتژمێره ی کورد سات به لوتفی خۆی سه وزی کردووه و به سه وزی ده ر خواردی منداڵانی کوردستانی ده دات.

جێ ی داخه به هه موو پێودانگه یه گی کۆمه لایه تی و په روه رده یی و زانستی له مه ش ترسناکتر له رووی ڕاگه یاندنی منداڵانه وه سکاندالێکی گه وره ی ئعلامی یه. ئه م ماوه کورته یه ك کاتژمێریی یه به رنامه کانی، منداڵانی 3 بۆ 12 ساڵ ده کرێته وه (به پێی ناواخنی ماده کانی) . به شی سه ره کی فلیمی کارتۆن پێکی ده هێنێت. که زۆرینه یان له زمانی رووسی یه وه له لایه ن وه رگێراوه ته سه ر زمانی کوردی و د شێرکۆ دایڕشتۆته وه. من لێره دا کارتۆنی (خانووی تازه) وه ك نموونه یه ك وه رده کرم و له ده رفه تێکی تردا ده کرێ زیاتر له سه ر لایه ن و ماده کانی تر بدوێین.

له کوردیه که یدا، هه ولّدانه بۆ فێربوونی هه رچی زیاتری جنێو و قسه ی بازاری و جووینه وه ی کۆمه لّێ ده سته واژه و ئێدیۆمه که زیاتر سلێیمانیانه و بازاریانه ن. له فلیمه کارتۆنیه دا کوردسات ده یه وێت منداڵی کورد بێته ئه کته رێکی بچوکی به رنامه ی به رنامه له ژیانی ڕۆژانه یدا. من لێره وه کۆمه لّێ نموونه ی ناو فلیمه که ده خه مه روو. . . . .

ناشرینی بنه مۆم
گه ر پیاون راوه ستن بۆم
بزانه چۆنتان ده شۆم

ئه م سێ به یته چی به منداڵ ده ڵێ. . ده توانن به هاوڕێ کانتان بڵێن ناشرین و ئیدۆمی بنه مۆم (که له کوردیدا بۆ خه ڵکی باڵا کورت به کاردێ) بخه نه رسته کانتانه وه، شایه نی باسه له ئه ده بیاتی منداڵ هه میشه ناشرین ره مزی کرده وه ی ناشرینه نه وه ك وه سفی جوانی. چونکه بۆ منداڵ سه رچاوه ی نه خۆشیی یه ده روونیه کانیتی گه ر و شه ی ناشرینی پێ بووترێ. زیاد له مه د شێرکۆ هه ر له ئیستاوه به منداڵ ده ڵێ پیاو ڕاناکات و شه ر ده کات ئه وه ی هه ڵدێ ژنانن یان کچانن. . . وه جگه له لێدان. . . شتن هه یه، له م دێره دا شتن نێگه تیفه بۆیه گه ر به منداڵ بڵێ ی وه ره بوو شۆم له وانه یه دوو کۆڵان ڕاکات. . ئه دی ئه وه نی یه پشیله کان له ترسی شتن هه ڵدێن، گوربه ش به کسێکه وه راده کات.
ده ڵێ بزانه چۆنتان ده شۆم. دیاره دکتۆر بۆ گه وره کان فلیمی کارتۆن درووست ده کات یان هێنده کوردی یه که ی لاوازه نازانێت بۆ منداڵ هه ر خۆشتن هه یه و ئه وه ی تر یشیان باوی نه ماوه.
ئه کشنی حواراکان گه رمتر ده بێت. (ده ی برۆ پیسی سواڵکه ر. بابه شه ق نه تکه مه ده ر) یان (ئه مانه دیاره ساخته چین، ده م رووت هه رچی و په رچین) د شێرکۆ هێنده ناله باره منداڵ فێری جنێوی خێڵه کی ده کات وه ك ده م رووت، هه رچی و په رچی. یان عه ره بی ساخته چی، له وه ش خراپتر هه موو سواڵکارئك پیسه. بۆیه ده بێت منداڵان سواڵکه ر وه ك که سایه تی یه کی بۆگه ن پیس ببینن. نازانێت سواڵکه ری ئاکامی پیسی و گه نده ڵی سیسته مه سیاسی یه که ی کوردستانه. من داواله منداڵان و ئێوه ش ده که م بزانن هین له زمانی کوردیدا به چی مانایه ك دێت وا دشێرکۆ ده ڵێت (ده ی برۆ ئه ڵی هینی).
له شوێنکی تردا ده ڵێت (میاو میاو پوره قه پات) قه پات ؟ دیاره تۆ منداڵ فێری وشه ی قه پات بکه یت و بێ هیچ لێپرسینه وه یه ك ئه وه ده توانین ستافه که تان به ستافی قه پات ناوبه رێ کوردسات خوازیاری زیاتری جنێوه، (داخی ئه م حه یوانه، وازبێنه له و شه تڵانه)
دیاره هه ر منداڵێك وشه ی حه یوان وابه سانایی بێته گۆیه وه ئه وا به سانایی و بێ هیچ سانسۆریك به کاری ده هێنێته وه. یان (ده نگه ده نگی چیتانه، شایی دایکی کامتانه)
ئه م دێره شعره که وا به ئاسانی له که ناڵێکه وه په خش ده بێت، مافی هه موو که سێکه به کوردساتی بڵێته وه. ئه م ته عبیره هێنده بی ئه ده بانه یه گه وره ش سڵ له به کارهێنانی ده کاته وه. ئه م ستافه هێنده ڕۆچۆته ناو وشه و ته عبیری بازاریی یه وه هه موو پڕنسیبێکی فه رهه نگی، ئه ده بی، کۆ مه ڵایه تی و په روه رده یی پێشلکردووه. بۆیه حیواره کان تابێت زیاتر بازاری ده بێت (کوره کان هه رزه کارن، له عه سره وه خومارن) خومار که س بۆ مه ستی به کاری ناهێنێ، ته نها مه گه ر بۆ چاو نه بێت، کوردسات سانسۆره کانی ئه وانه ن که له دژی هه موو شتێکی نۆ یی ده نا به رنامه یه کی زانست. جد یان ده بوو بۆ گه وران و منداڵان نه وه کو وه سفێکی وا که منداڵ ته قه ی سه ری لێدێ بێته بنێشته خۆشه ی سه ر زمانی. ئافه رین بۆ کورد سات، نازانم له رووی پزیشکی وه کاکی دکتۆر چی ده ڵێ چونکه ئه و پسپۆڕی زارۆکان نی یه ته نها قه ڵه مێکی وێڵه له چه شنی گووله ی وێڵ، به ڵام دژ به منداڵان.
کۆتایی من ئه م کۆپلانه وه رده گرم دوا ڕاش بۆ خۆێنه رانه
دیمه نی قومار
چۆن وا ده بێت خوانه ناس

باجاخ ئه خه يته سه ر ئاس
بۆڵه بۆڵ مه كه كه ره
خۆی نۆی كوپی له سه ره
كچێ چه تيوه كه ره
جۆ كه ر قه ره يه قه ره
نانوو م به سه ری كاكم
ئه بێت قومار ته واوبێت
كه ری ئه سڵ ڕسوابێت
به بێ قوماريش دياره
كێ كه ره و نا له باره
مه گه ر خوا كه ری كردووی
به مشه وه ئه وا هاتووی
كه ر، قومار، چه تيو، خوانه ناس. و هتد وشه جوانه كانی كوردساته

KURDISTAN NET www.kurdistannet.org